https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.16

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# چوارچێوەی یاسایی ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی سیستەمی ناناوەندی کارگێڕی

## (توێژینەوەیکی شیکاری ڕەخنەگرانەیە)

د. سۆران علی حسن
زانکۆی سۆران
فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن
Soran.hassan@soran.edu.iq

د. ئارام نجم الدين عبدالغفور
کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی
arambradosty@hotmail.com

**پوختە**

یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی بنیادی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕیی هەرێمی بریتییە لە فەراهەمبوونی نوێنەرایەتیی گەل لە چوارچێوەیەکی سنووردارردا، لە ڕێگەی بوونی ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکان لە سنووری جوگرافییەکی دیاریکراودا، وەک ڕێخۆشکەر بۆ دابەشکردنی کاروبارە کارگێڕییەکان لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و یەکە ناناوەندییە کارگێڕییەکاندا، واتە بەرکارکردنی بنەمای ویستی گەل لە ڕێگەی هەڵبژاردن و دابەشکاری دەسەڵاتەوە بە مەبەستی دوورخستنەوەی قۆرخکاریی دەسەلات و بەدیهێنانی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لە بوارێکی سنووردارردا، بەڵام پێویستە بنچینەی بوونی کەسایەتیی یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان و دەسەڵاتە پێبەخشراوەکانیان پاڵپشت بێت بە ڕێکخستنی یاسایی و لە چوارچێوەی ڕێپێدانی دەستووریدا.

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە جیاسکردن و لێکۆڵینەوەیە لە کێشەی پاڵپشتیی یاسایی بۆ پێکهێنانی ئیدارە سەربەخۆکان کە خۆیان دەبیننەوە لە هەردوو ئیدارەی (گەرمیان و ڕاپەڕین) وەک ئەوەی ناسێنراون لە چوارچێوەی یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان لە چوارچێوەی ڕێکخستنی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها باسکردن لە پێکهاتە و تایبەتکارییەکانیان و پێگەی یاساییان لە چوارچێوەی بنەماکانی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی.

## چوارچێوەی یاسایی ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی سیستەمی ناناوەندی کارگێڕی

**(توێژینەوەیکی شیکاری ڕەخنەگرانەیە)**

### پێشەکی

لە بنەما سەرەکییەکانی پەیوەستبوون و بەدیهێنانی سیستەمی دیموکراتی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا پەیوەستبوون بە بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و کۆنەکردنەوەی لە دامەزراوە یان دەسەڵاتێکی دیاریکراودا، لە هەمان کاتدا بە سیستەمکردنی دامەزراوەکان و ڕێزگرتن لە ویست و خواستی گەل لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی، بە دوو پێوەری هەڵسەنگاندنی دروست پیادەکردنی سیستەمی ناوبراو دادەنرێت.

لە میانەی گرتنەبەری ئەو دوو بنەمایەی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا فەلسەفە و ناوەرۆکی سیستەمی دیموکراتی لە بوارە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنی کاروبار و فەراهەمکردنی بەرژەوەندییەکانی گەل ڕەنگدەداتەوە، وەک چۆن سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕیی هەرێمی فەراهەمی بەخشینی دەسەڵاتە کارگێڕییەکان کە تایبەتکاری بەشێکی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت لەخۆدەگرێت بەدەستدێنێت، جگە لەوەی بەدیهێنانی ویستی ناوچەیەک لە هەڵبژادنی نوێنەرانیان بۆ فەراهەمکردنی بەرژەوەندییەکانیان و نوێنەرایەتیکردنیان لە ئاستی ناوەندیدا نموونەی دیاری سیستەمی دیموکراتی دەنوێنێت.

ئەمەش وایکردووە کە بەڕێوەبردنی تەواوی کاروبار و تایبەتکارییەکانی تایبەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و کارگێڕی لەسەر ئاستی دەسەڵاتی ناوەندی بە ڕێگەیەکی پەسەند و دروست و پیادەکراو نابینرێت.

له هەرێمی کوردستاندا ئەم سیستەمە لە میانەی ڕێکخستنی یاسایی پیادەکراو (یاسای پارێزگاکان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩) بەرجەستەکراوە، بەڵام لە ڕووی کردەییەوە لە بۆشاییی یاسای ئاساییدا پێکهێنانی ئیدارە سەربەخۆکانی (ڕاپەرین و گەرمیان)یش هەن بە بێ ئەوەی وردەکاریی چوارچێوەی دەسەڵات و کاروبار و پێگەی یاساییان دیاریکرابێت.

## گرنگیی توێژینەوە:

بە شێوەیەکی گشتی باسکردن لە بنەما و پێوەرەکانی پەیڕەوکردن و سەقامگیرکردنی سیستەمی دیمەکراتی گرنگی دەبەخشێت بە هەر باسێک لەو بوارەدا بخرێتە بەردەست، جگە لەوەی گرنگیی ئەم بابەتە خۆی دەبینێتەوە لە ناکۆکی و ململانێیەکی هەردوو بواری ڕێکخستنی یاسایی و کارگێڕیی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان لە بواری پەیڕەوکردنی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕیی هەرێمی.

## کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوە لە وەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان لە بۆشاییی یاسای ئاسایی دانراو لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان پێکهێنراون و هاتوونەتە کایەوە، جگە لەوە ڕووی ناوەرۆکی دەسەڵات و تایبەتکاری پێبەخشراو بە بەڕێوەبەرانی ئەم ئیدارانە لە هەرێمی کوردستان بەریەککەوتن و ناکۆکی تایبەتکاری دەهێننە کایەوە لەگەڵ هاوتا جێبەجێکارەکانیانەوە لە پارێزگاکان کە خۆیان دەبیننەوە لە پارێزگاران.

**گریمانەی توێژینەوە:**

لە پێکهێنانی ئیدارە سەربەخۆکان لە بۆشاییی یاساییدا و لە فەراهەمنەبوونی ڕەگەزە سەرەکییەکانی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕیی تیایاندا ئەگەری خاڵیبوونەوەی سیستەمی ناوبراوی لێناکەوێتەوە؟ کە مانا و ئامانج لە پێکهێنانی پوچەڵ بکاتەوە؟ هەروەها لە ڕووی کردەییەوە ئەگەری بەریەککەوتن لە نێوان ئیدارە سەربەخۆکان و یەکە کارگێڕییەکانی وەک پارێزگا ڕوونادات.

**میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ گەیشتن بە مەبەستی ویستراو لە جێباسی توێژینەوە پشتدەبەستین بە دوو میتۆدی پێویست، کە خۆیان دەبیننەوە لە میتۆدی شیکاری بۆ ڕێسا یاساییە پەیوەندارەکان بە جێباسی توێژینەوە، هەروەها میتۆدی ڕەخنەگرانە بە پشتبەستن بە بنەما و ڕەگەزە پێویستەکان بۆ پێکهێنان و بەدیهێنانی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕیی هەرێمی.

**پلانی توێژینەوە:**

بۆ ناساندن و گەیشتن بە مانای ناناوەندیی کارگێڕی و بنەرەتی بیرۆکەی وەدیهێنان و هۆکارەکانی پەنا بردن بۆ پیادەکردنی ئەم سیستەمە و شیکردنەوەی ڕەگەزەکانی، وا پێویست دەکات کە لە سێ تەوەردا دابەشی بکەین، یەکەمیان ناساندن و شیکردنەوەی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی، دووەمیان ئەو ڕەگەزانەی کە پێویستە فەراهەمبن لە بەرجەستەبوونی ئەم سیستەمەدا" سێیەم و کۆتایی، هەڵسەنگاندنی پێگە و ڕێکخستنی ئیدارە سەربەخۆکان بەراورد بە فەراهەمبوونی بنەڕەت و ڕەگەزەکانی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی.

## ١-چەمک و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی

بە مەبەستی وردەکاری لە ناساندنی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی پێویست دەکات چەمک و پێناسی ئەم سیستەمە بخەینە بەردەست پاشان هۆکار و بنەڕەتی بیرۆکەی سەرهەڵدان و پیادەکردنی لە تەوەرێکی سەربەخۆدا ڕوونبکەینەوە، پاشان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دیاریبکەین کە وەک کۆڵەکەی ڕاگری سیستەمەکە دەنوێنرێن و بەبێ بوونیان یان بۆشایی یەکێکیان کۆی سیستەمەکە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی خاڵیدەبێت و بە ئاراستەی بەرجەستەکردنی سیستەمێکی تر هەنگاودەنێت.

### ١-١چەمکی ناناوەندیی کارگێڕی و بیرۆکەی سەرهەڵدانی

بۆ ئەوەی هەردوو بابەتی ناساندن و گەڕاندنەوەی سیستەمەکە بۆ بنەڕەتی بیرۆکەکەی و هۆکاری سەرهەڵدانی بە جیا باس بکەین، لە دوو خاڵدا خستوومانەتە بەر باس:

#### ١-١-١ چەمکی ناناوەندیی کارگێڕی

ناساندنی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی وەک هەر بابەتێکی تری بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەهۆی تێڕوانین و ئەزموونی پەیڕەوکراوی جۆراوجۆر و جیاواز ئاستەمە چاوەڕوانی یەک ئاراستە و گۆشەنیگای سەرنجگرتنی وەک یەک لە مانا و شیکاری بەردەست ببینرێت، بەڵام کاتێک کە وردبینی لە تێگەیشتن لەم سیستەمە دەکرێت دەتوانرێت جەخت لەوە بکرێتەوە کە تەواوی پێناسە و ناساندنەکان جەخت لە چەند لایەنێک دەکەنەوە، کە دەکرێت بە کۆکردنەوەیان پێناسەیەکی ورد و گشتگیرمان بەدەستکەوێت.

ئەو بوارانەی لە پێناسەکان جەختیان لەسەر دەکرێتەوە بریتییە لە کرۆک و ناوەرۆکی سیستەمەکە کە بریتییە لە دابەشکردنی کاروبار و تایبەتکارییە کارگێڕییەکان، ئەمەش لە زۆربەی پێناسەکان بە یەک ئاراستە بەدیدەکرێت و سنوور نەبەزاندنی تایبەتکارییە کارگێڕییەکان کراوەتە مەرج، بەڵام ئەوەی کە لەم بوارەدا جیاوازی دێنێتە کایەوە، لایەنەکانی دابەشکاریی ئەم تایبەتکارییە کارگێڕییانەیە لە دەوڵەتدا، بە جۆرێک ئەگەر لە نێوان دەسەڵاتی ناوەند- کە کۆی دامەزراوە فەرمانڕەواییە باڵاکان لەسەر ئاستی دەوڵەتی لەخۆگرتووە-  لەگەڵ یەکە کارگێڕییەکان کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆجێیی ناوچەیەک یان هەرێمێک یان سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو دەگرنە ئەستۆ، ئەوا بە ناناوەندیی کارگێڕی هەرێمی دەناسرێت، بەڵام ئەگەر دابەشکردنی تایبەتکارییە کارگێڕییەکان تایبەتمەندکران بە دابەشکاری بۆ چەند دامەزراوەیەکی خاوەن کەسایەتیی یاسایی گشتی و ئەرکی بەڕێوەبردنی بەشێک لە خزمەتگوزارییەکانیان پێسپێردرا لە سەر ئاستی دابەشکاریی ناوچە و شوێنە جیاوازەکانی دەسەڵاتی ناوەند ئەوا بە ناناوەندیی کارگێڕی دامەزراوەیی دەناسرێت. (حسین، ٢٠٠٦، ٧٣)

لایەنێکی تری پێناسی ئەم سیستەمە بریتییە لە جەختکردنەوە لە پیادەکردنی تایبەتکارییە کارگێڕییەکان لەلایەن یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیی دەسەڵاتی ناوەندیدا، بە شێوەیەک نەگاتە ئاستی سەربەخۆیی و دروستکردنی هەڕەشە بۆ یەکپارچەیی خاک و لێکەوتەی نەرێنی نەبێت بەسەر سەروەری دەوڵەتدا. (الجبوري،١٩٩٦، ٣٩)

بەڵام ئەوەی جێگەی جیاوازی و ئەزموونی لەیەکجیایە مەودای ئەو چاودێری و سەرپەرشتییەیە کە وای کردووە دوو ئاراستەی جیای لێبکەوێتەوە کە یەکەمیان خۆی دەبینێتەوە لە چاودێرییەکی  توند و چڕی

دەسەڵاتی ناوەندی وەک لە سیستەمی فەرەنسی بەدیدەکرێت، ئاراستەی نەرم و ڕێگەپێدانی زیاتر لە ناناوەندی وەک لە سیستەمی پەیڕەوکراوی بەریتانیا بەدیاردەکەوێت. (بدیر, البرزنجي، السلامي،  ٢٠١٢، ١٢٧-١٣٤)

لایەنێکی تری ئەم بابەتە کە زۆر لە یاساناسان لە میانەی پێناسەکانیاندا ئاماژەیان پێنەکردووە بریتییە لە بنەڕەت و پاڵپشتیی ئەم دابەشکارییە لە تایبەتکارییانەدا، کە پێویستە بە پێی یاسا ڕێکبخرێن. یاخود بە مانایەکی تر، نابێت لە هێزی یاسایی کەمتر لە یاسای ئاسایی دانراو لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان لە دەوڵەتدا کەمتر بێت و بە مانای پێچەوانە دەکرێت بە ڕێکخستنی دەستووری لە ڕووی بنەماوە بێتەکایەوە، بەڵام ناکرێت لە ڕێگەی تایبەتکاریی بەخشراو بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەم بابەتە پیادە بکرێت. ئەم بابەتەش لە زۆر لە یاساناسانی دەستوورییەوە ئاماژەی پێکراوە وەک خاڵێکی جیاکەرەوە لەگەڵ سیستەمی فیدڕاڵیدا، لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە سیستەمی فیدڕاڵی دەسەڵاتە دابەشکراوەکان بەپێی دەقی دەستووری دێنەکایەوە بەڵام دابەشکاریی تایبەتکارییە کارگێڕییەکان لە سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی بەپێی ڕێکخستنی یاسایی پیادەدەکرێت. (بدوي، ٢٠٠٥، ٨٢)

لە ئەنجامی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی هاوبەشی و جیاوازیی نێوان بۆچوون و ناساندنی یاساناسان بۆ سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕیی هەرێمی –کە جێباسی تێژینەوەکەمانە- دەکرێت بەم شێوەیە پێناسەی بکەین: (بریتییە لە دابەشکردنی تایبەتکارییە کارگێڕییەکان بە پشتبەستن بە بنەمای دەستووری و بەپێی ڕێکخستنێکی یاسایی لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان، و پیادەکردنی تایبەتکارییە بەخشراوەکان بە یەکە ناناوەندییە کارگێڕییەکان پێویستە لەژێر سەرپەرشتی و چاودێریی دەسەڵاتی ناوەندیدا بێت بە شێوەیەک کاریگەری بەسەر یەکگرتوویی و سەروەریی دەوڵەتدا نەبێت).

**١-١-٢ بنەڕەتی بیرۆکە و هۆکاری سەرهەڵدانی سیستەمە ناناوەندییە کارگێڕییەکان**

هەرچەندە بیرۆکەی هاتنە کایەوەی سیستەمەکە و هۆکارەکارەکانی پەنابردن بۆ پیادەکردنی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی یان هەر سستەمێکی تری حوکمڕانی دوو بابەتی لێکجیایان بە تایبەتی لە ڕووی کاتی سەرهەڵدانەوە، لەبەرئەوەی بیرۆکە و ئایدیا باسکردنە لە پێش هاتنە کایەوە و بەرجەستەبوون و پیادەکردنی سیستەمەکە، هەرچی هۆکاری پەنابردنە بۆ پیادەکردن ئەوا باسکردنە لە پاش هاتنەکایەوە و ئەزموونکردن. بەڵام ئێمە لێرەدا هەردوو بابەت لێکدەبەستینەوە و باس لە هەردووکیان دەکەین لە چەند خاڵێکی گرنگدا کۆیاندەکەینەوە:

**یەکەم:** فراوانبوونی سنووری جوگرافیی دەوڵەتان و زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووان و هەڵکشانی پێداویستییە ناوچەییەکان و سنوورداریی توانای دەسەڵاتی ناوەندی لە بەدیهێنانی تەواوی داواکارییەکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ناوچەیی، بیرۆکەی هێنانەکایەوەی ئەم سیستەمە بووە و لە هەمان کاتدا هۆکاری گرتنە بەر و پیادەکردنی بووە لە پاش هاتنەکایەوەی. (العنبكي، ٢٠١٠، ١١)

**دووەم:** پەنابردن بۆ پیادەکردنی سیستەمی ناناوەندی بە هۆکاری ئەوەی بەشداریی هاوڵاتییانی ناوچەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان و دەنگدانیان بۆ دیاریکردنی نوێنەران لەسەر ئاستی ناوچەیی لەخۆدەگرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هاوتەریبە لەگەڵ بنەمای سەرەکی و پێوەری ناساندنی سیستەمی دیموکراتی بە بەڕێوەبردنی خەڵک لەلایەن خۆی و بە ویستی خۆی و هەڵبژاردنی نوێنەرانیان، و دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی پیادەکردنی

دیموکراتییە لەسەر ئاستی ناوچەیی و هەرێمی لە ناو دەوڵەتدا. ( أحمد، ٢٠١٥، ٣٣)

**سێیەم**: یەکێک لە هۆکارەکانی پەنابردن بۆ پیادەکردنی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی بریتییە لە ڕێگەیەکی چارەسەرکاری بۆ ململانێیەکی ناوخۆیی لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و ناوچەیەک یان هەرێمیکی دیاریکراو لە دەوڵەتدا، کە دەکرێت ململانێیەکە ڕەهەندی جۆراوجۆری لە ڕووی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ڕەگەزی لەخۆگرتبێت، بەڵام لە ڕێی بەخشینی بەشێک لە سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەری لە بواری کارگێڕی و نوێنەرایەتیی هەرێمی ویستراوە ئەم ناکۆکییە بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بێت چارەسەربکرێت یان بە لای کەم هێوربکرێتەوە، هەروەک ئەوەی لە دەوڵەتی سوودان لە ئەنجامی ململانێ لەگەڵ باشووری وڵاتەکەیدا پەیڕەوی دەکرد لە ساڵانی (١٩٧٢-٢٠٠٥)، هەروەها لە ململانێی ناوخۆییە ناوچەییەکانییدا لە بەلجیکا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٩٣، بەهەمان شێوەش بۆ عێراق هەڵسەنگاندنێکی دروستە لە چوارچێوەی ناکۆکییەکانی نەتەوەی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی تاوەکو ڕێکخستنی دەستووری ٢٠٠٤. (حسن، ٢٠١٩، ٢٠)

**چوارەم**: فەراهەمکردنی فەرمانڕەواییی دروست (الحكم الرشيد) و پەیوەنداری و وابەستەیی ئەم جۆرە فەرمانڕەواییە بە پیادەکردنی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی، بە جۆرێک فەراهەمبوونی بەڕێوەبردنی ناوچەیی هەبێت، لە دەوڵەتدا دەسەڵاتەکان کۆنەکرابێتنەوە لە ناوەندا و بەشداری دامەزراوە هەرێمییەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباریان هاتبێتەدی. (أحمد، ٢٠١٥، ٣٥)

**پێنجەم**: بەدیهێنانی ئامانجە ئابوورییەکان کە دەکرێت لە ڕێگەی پیادەکردنی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی جۆرێک لە پلانە ئابوورییە

نیشتمانییە هەمەلایەنەکانی کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەسازی بەدیبهێنرێت. (العامري، ٢٠٠٨، ١٧)

## ٢-١ ڕەگەزەکانی ناناوەندیی کارگێڕی

کاتێک باس لە ڕەگەزەکانی هەر سیستەمێک دەکرێت مانای وایە ڕایەڵە و پێوەری تەواوکاریی بەرجەستەبوونی دروستی سیستەمەکەیە. بە مانایەکی تر، لە ئەگەری فەراهەمنەبوونی ئەم ڕەگەزانە یان یەکێکیان مانای ئەوە دەگەیەنێت کە سیستەمەکە وەک ئەوە نییە کە لە پێناویدا هێنراوەتە کایەوە یاخود ئامانج لە بەدیهێنانی نەهێنراوەتە کایەوە، و هەندێک جار دەکەوێتە چوارچێوەی سیستەمێکی ترەوە.

سەبارەت بە دیاریکردنی ڕەگەزەکانی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕیی یاساناسان لە ڕووی ئەژمارکردنەوە جیاوزایی لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت بە جۆرێک هەندێکیان بە سێ ڕەگەز دیاریدەکەن کە خۆی دەبینێتەوە لە پێکهێنانی دەستەیەکی هەرێمی و بوونی بەرژەوەندییەکی تایبەتمەند بەو یەکە جوگرافییە و بوونی ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو. (عبدالعال، ٢٠٠٨، ٣٣)

لەگەڵ ئەوەدا هەندێک لە یاساناسان ئەم ڕەگەزانە بە فراوانی وەردەگرن، و سەرەڕای ئەو ڕەگەزانەی پێشوو داننان بە کەسایەتیی یاسایی مەعنەوی یەکە هەرێمییەکان یان بوونی چاودێری و سەرپەرستی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر یەکە هەرێمییە کارگێڕییە ناناوەندییەکاندا بە ڕەگەزێکی تر دەبینن (الفتلاوي, ٣٧, ٢٠١٣)، جگە لەم بۆچوونانە کە زۆر لە یاساناسان پێیان وەرگرتووە، بە ئاراستەی مانا و مەغزا چوارچێوەکردنی ئەم ڕەگەزانە، هەندێک لە توێژەرانی ئەم بوارە پێیانوایە کە دیاریکردنی دوو ڕەگەزی سەرەکی کە خۆی دەبینێتەوە لە سەربەخۆییی یەکە کارگێڕییە ناناوەندییە هەرێمییەکان و چاودێری

دەسەڵاتی ناوەندی بەسەریانەوە ئەم سیستەمەی پێ ڕایەڵە کراوە. (الهماوندي، ٢٠١، ١٩٩٠) هەر لەم میانەیەدا پێمانوایە کە دوا بۆچوون لە کۆکردنەوەی ڕەگەزەکاندا بەو دوو ڕەگەزە باسکراوەی پێشوو بۆچوونێکی ئاراستە دروستە، لەبەرئەوەی تەواوی ڕەگەزەکانی تری تێیدا جێگەیان دەبێتەوە یان توانای لەخۆگرتنی هەیە. هەر بۆیە هەردوو ڕەگەز بە لەخۆگرتنی مانا و ناوەرۆکی ڕەگەزەکانی تریشەوە باسدەکەین:

## ١-٢-١ ڕەگەزی سەربەخۆیی یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسە و ناساندنی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی بابەتی دابەشکردنی دەسەڵاتی کاروبار و تایبەتکارییە کارگێڕییەکان لە نێوان دوو لایەندا چەقی جەخت لێکراوەی سیستەمەکەی دەنواند، بەڵام ئەگەر یەکەیەکی هەرێمی لە سنوورێکی جوگرافیدا نەبێت و دامەزراوەی بەڕێوەبردنی تێدا پێکنەهێنرابێت و ئەو تایبەتمەندیی و بەرژەوەندییە ناوچەییانە یان هەرێمییانە لە ئەستۆنەگرن لە ڕێگای دەستە یان ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراوەوە، ئەوا ئەو کات مەغزا و ئامانج لە دابەشکردنی تایبەتکارییەکان لە جێگا و مەبەستی ویستراودا نابینرێت یان بەدینایەت، لەبەر ئەوە پێویست دەکات لە چوارچێوەی ڕەگەزی سەربەخۆی یەکە کارگێڕییە ناناوەندییە هەرێمییەکان ئەمانەی خوارەوە بەدیبێن:

### ١-٢-١-١ تایبەتمەندبوون بە بەرژەوەندییە هەرێمییەکان

یەکێک لە خاڵە هەرە سەرەکییەکان بۆ فەراهەمبوونی ڕەگەزی سەربەخۆیی یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان بوونی چەند بەرژەوەندی و تایبەتمەندییەکە کە ناوچە و هەرێمەکانی پێکهێنەری تەواوی دەوڵەت لەخۆیاندەگرن، بە جۆرێک جیاوازی بەدیدەکرێت کە هەمان بەرژەوەندی و تایبەتمەندی بۆ ناوچەیەکی تر لە پێشینە نەبێت یاخود هەربوونی نەبێت

و له جێگەی ئەوە چەند تایبەتمەندییەکی تر ناوچەیەکی تری پێدەناسرێت، کە لە ئەنجامدا ئەو بەرژەوەندی و تایبەتمەندییانە هاوتا و هاوکۆک نین لەگەڵ تەواوی بەرژەوەندییە باڵاکان لەسەر ئاستی دەوڵەت، لەبەر ئەوە لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا بەرژەوەندییە هەرێمییەکان بە یەکە کارگێڕییەکان خۆیان دەسپێرێت و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیش بە دامەزراوەکانی دەسەڵاتی ناوەندی، هەر لەبەر ئەوەشە کە لە ڕێگەی یاسادانەرەوە بە دەقی نووسراو تایبەتکارییەکانی تایبەت بەو یەکە کارگێڕییانە دیاریدەکرێت، جا یان بە شێوەیەکی ورد و دیاریکراو یان بە شێوەی ڕێسای گشتی و ڕەها. (الطهراوي،٢٠٠٦، ١٤٣)

بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە دیاریکردن و جیاکردنەوەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و هەرێمییەکان پێویست دەکات لە ڕێگەی ڕێکخستنی یاساییەوە بێت یان ئاماژەدان بە بنەما سەرەکییەکانی لە ڕێکخستنی دەستووریدا، بە جۆرێک ئەگەری لادان لە یەکێتیی ناوخۆیی قەوارەی دەوڵەت و سەرکێشی بۆ خراپ بەکارهێنان لە لایەن یەکە کارگێڕییە هەرێمییەکانی لێنەکەوێتەوە. (شطناوي، ٢٠٠٢،٩٩).

### ١-٢-١-٢ بوونی دەستەیەکی هەرێمی بۆ نوێنەرایەتیی یەکە کارگێڕییەکان

بە مەبەستی بەڕێوەبردن و لەئەستۆگرتنی فەراهەمبوونی ئەو بەرژەوەندی و تایبەتمەندییانەی کە ئەو ناوچەیە یان هەرێمە لەخۆیدەگرێت پێویست دەکات دەستە یان ئەنجوومەن یان بە شێوەیەکی گشتگیر دامەزراوەکانی تایبەتکار هەبن و لە توانایاندا بێت کە ئەو بەرژەوەندییانە بەرجەستەبکەن و پیادەی ئەو تایبەتکارییانە بکەن کە پێیان دەبەخشرێت. (حسین، ٢٠٠٦، ٧٨)

جگە لەوە پێویستی بوونی ئەم دامەزراوە و دەستانە لەوەدا بەدەردەکەوێت کە ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی ئەو یەکە کارگێڕییانە لە ئاستی دەسەڵاتی ناوەندیدا ببینن و بە کەناڵی بەیەکگەیشتن و پەیوەندی هەژماربکرێن لە نێوان یەکە کارگێڕییە هەرێمییەکان و دەسەڵاتی ناوەندیدا یاخود وێستگەی گەیاندنی دەنگی ئەو ناوچانە بن بۆ دەسەڵاتی ناوەندی.

لەمیانەی جەختکردنەوە لە نوێنەرایەتیکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لەلایەن ئەو دەستە و و دامەزراوانەوە پێویستییەکی تر دێتە کایەوە کە پەیوەندارە بە ویستی خەڵک و بەستنەوەی بە بنەمای دیموکراتی کە خۆی دەبینێتەوە لە پەیڕەوکردنی پێوەری نوێنەرایەتیکردن لە چوارچێوەی پرۆسەی هەڵبژاردندا، لەبەر ئەوە زۆربەی زۆری یاساناسان پێیانوایە کە بوونی دەستە و دامەزراوە هەرێمییەکان و ڕەوایەتی نوێنەرایەتیکردن و مافبەخۆدان بە بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو ناوچانە بریتییە لە هەڵبژاردنیان لە لایەن خەڵکی ئەو ناوچانە، ئەمەش بۆ بەرجەستەکردنی بنەڕەتی ئایدیای سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕیی و بەستنەوەیەتی بە بنەمای دیموکراتی. (حسین، ٢٠٠٦، ٧٩)

### ١-٢-١-٣ بوونی کەسایەتیی یاسایی یەکە کارگێڕییە هەرێمییەکان

پاش ئەوەی کە بوونی بەرژەوەندی و تایبەتمەندیی ناوچەیی وا پێویستی کرد کە دەستەیەک یان دامەزراوەیەک یان ئەنجوومەنێک ئەرکی بەڕێوەبردن و لەئەستۆگرتنی بەدیهێنانیان بگرێتەخۆ و نوێنەرایەتیی ویستی خەڵکەکەی بکات، پێویستییەکی تری یاسایی دێتە ئاراوە کە داننانی دەسەڵاتی ناوەندییە بە کەسایەتیی یاسایی بۆ ئەوەی سیفەتی ناناوەندی بەو یەکە کارگێڕییانە ببەخشێت، تا ببێتە جیاکەرەوەیان لە کەسایەتیی یاساییی دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی. وەک بنەمایەکی گشتی پەیڕەوکراو و ڕێکخستنی یاسایی، واتە لە ڕێگای یاسای ئاسایی دانراو لە لایەن

دەسەڵاتی یاسادانان لەسەر ئاستی دەوڵەت بەخشەری ئەم کەسایەتییە یاساییە دەبێت، تاوەکو تەنانەت دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بە تایبەتی دەسەڵاتی کارگێڕی لەسەر ئاستی دەسەڵاتی ناوەندی پابەندی ڕێزگرتن و مامەڵەکردنی لەو ئاستەدا بێت کە ڕێکخستنە یاساییەکە سنووری بۆ کێشاوە. (عثمان،٢٠٠٨، ٣٥٨)

داننان بە کەسایەتیی یاسایی و بەخشینی دەسەڵاتە کارگێڕییەکان ئەگەرچی وەک بنەڕەت لە سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕیدا لە یاسای ئاساییەوە سەرچاوەدەگرێت، بەڵام هەندێک جار لە ڕێکخستنی دەستووریشدا ئاماژەی پێدەکرێت بۆ چەسپاندن و پابەندکردنی دەسەلاتی یاسادانان بە تەواوکاری و گرتنەبەری ئاراستە و بنەمای بڕیاردراوی دەستووری بۆ پیادەکردنی سیستەمەکە، بەڵام ئەم ئاماژەپێدانەش نەگەیشتۆتە ئاستێک کە یەکێک لە پێوەرەکانی جیاکاری لە نێوان هەردوو سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی و فیدڕالی لەسەر بنەڕەتی ڕێکخستن و داننان بە پیادەکردن و بەرجەستەکردن و پێکهێنانیان لە نیوان یاسای ئاسایی و ڕێکخستنی دەستووریدا نەبێت، بە جۆرێک وەک پێوەری پەیڕەوکراو و ئەزموونکراو سیستەمی یەکەمیان یاسای ئاسایی دانراو لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەهێنێتە کایەوە و دووەمیان بە پێی ڕێککەوتنێک کە لە ڕێکخستنی دەستووریدا چەسپێنراو بێت دێتەکایەوە، هەرئەمەش وادەکات هێزی جێگیربوونی سەقامگیری سیستەمی دووەم باڵاتر بێت. (مولود،٢٠٠٣، ٤٩)

### ١-٢-٢ ڕەگەزی چاودێریی دەسەڵاتی ناوەندی

سەربەخۆیی یەکە کارگێڕییەکان ئەگەرچی پێویستییەکی ویستراوی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕین و پاڵپشتە بە بوونی دەستە کارگێڕییەکان کە نوێنەرایەتیی خەڵکی ئەو ناوچەیە دەکەن بەپێی هەڵبژاردنی ناوخۆییان

سەرەڕای دانانان بە کەسایەتیی یاسایییان، بەڵام پێویستە ئاست و مەودای ئەو سەربەخۆییەی کە پێیانبەخشراوە و پیادەی دەکەن لە چوارچێوەی کاروبار و تایبەتکارییە کارگێڕییەکان چوارچێوەبکرێن و هەنگاوی زیاتری بە ئاراستەی جیابوونەوە و مەترسی لەسەر یەکێتیی خاکی دەوڵەتەکەی لێنەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە دەبینرێت کە لە چوارچێوەی پیادەکردنی ئەم سیستەمە دەسەڵاتی ناوەندی چاودێری و سەرپەرشتی ئەو یەکە کارگێڕییانە دەکات، کە سەربەخۆییەکی سنوورداریان پێبەخشراوە، و ئەگەر بە پێچەوانە ئەم چاودێرییە بوونی نەبێت و سەربەخۆیی تەواو پێیانببەخشرێت، ئەوا ئەگەر بە ئاراستەی جیابوونەوە و لادان لە پارێزگاریی سەروەری ناوخۆیی دەوڵەت ئاراستەنەکات، ئەوا دەکەوێتە چوارچێوەی هەمان ئەو سەربەخۆییەی کە لە سیستەمی فیدڕالیدا جێبەجێدەکرێت و شێوەی دەوڵەت لە سادەیی سەردەکێشێت بۆ شێوەی ئاوێتە و بەرجەستەکردنی یەکگرتنی فیدڕالی. (عبدالله،١٩٩٧، ٦٧)

چاودێری و سەرپەرشتیی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان سنووردارکردنی سەربەخۆیی پێبەخشراو و لانەدانە لە چوارچێوەی تایبەتکارییە کارگێڕییەکان، بەڵام مەودای چاودێری و چۆنیەتی و کاریگەری بەسەر پیادەکردنی کاروباری پێبەخشراو بە یەکە کارگێڕییەکان بەپێی ڕێکخستنی یاسایی بۆ دەستکراوەیی دەسەلاتی ناوەندی لە پیادەکردنی چاودێری و میکانیزم و سنووری ڕێگەپێدراو جیاوازیی هەیە، بە جۆرێک هەندێک لە ڕێکخستنەکانی یاسایی دەوڵەتان بە ئاراستەی فراوانکردنی ئاستی چاودێری و بەرتەسککردنەوەی سەربەخۆیی پێبەخشراو هەنگاویان ناوە. هەندێکی تر، بە پێچەوانەوە مەودای سەربەخۆییەکی فراوان بۆ یەکە کارێگێڕییەکان لە بەرانبەر چاودێرییەکی بەرتەسکی دەسەڵاتی ناوەندی ئەم سیستەمیان

ڕێکخستووە، بە شێوەیەک دەتوانرێت بە دوو ناونیشانی جیا ڕوونیبکەینەوە:

### ١-٢-٢-١ چاودێریی توندی دەسەڵاتی ناوەندی

لە چوارچێوەی بەدەرنەبوونی یەکە کارگێڕییە ناناوەندییە هەرێمییەکان لە چاودێریی دەسەڵاتی ناوەندی، هەندێک لە دەوڵەتانی پەیڕەوکاری ئەم سیستەمە جۆرێک لە چاودێریی توندی فرە لایەن و میکانیزم پەیڕەودەکەن، کە نموونەی دیاریان سیستەمی پەیڕەوکراوی فەڕەنسییە، هەر بۆیە لای زۆر لە توێژەرانی ئەم بوارە بە سیستەمی چاودێریی فەڕەنسی دەناسرێت. بە جۆرێک دەسەڵاتی ناوەندی چاودێری و سەرپەرشتیاری پیادەدەکات، کە فرە لایەنە و خۆی دەبینێتەوە لە چاودێریکردن بەسەر خودی یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان کە خۆیان دەبیینەوە لە دەستە و ئەنجوومەن و دامەزراوە کارگێڕییەکان، هەروەها چاودێریکردنی ئەندامانی ئەو یەکە کارگێڕییانەی کە بە ئەرکی پیادەکردنی تایبەتکارییە پێبەخشراوەکان لە بەرژەوەندیی سنووری جوگرافیی هەرێمییەکەیانەوە لەئەستۆگرتووە، سەرەڕای چاودێریکردنی کار و تایبەتکارییەکانیان کە لە میانەی پیادەکردنی کاروبارەکانیانەوە پێیهەڵدەستن. (عبدالله، ٢٠٠٤، ٩٥)

ناوەرۆکی ئەو چاودێرییانەی خۆی دەبینێتەوە لە پیادەکردنی دەسەڵاتی ناوەندی لە هەڵوەشاندنەوەی یەکە و دەستە پێکهاتووەکان بۆ نوێنەرایەتیی یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکە، یان ڕاگرتنی کاروباریان، هەروەها بە دامەزراندنی ئەندامانێک لە ڕێگای بەڕێوەچوونی پڕۆسەی هەڵبژاردن بۆیان لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە، سەرەڕای لێپرسینەوە لە ئەندامەکان بە شێوەیەکی گشتی. جگە لەوەی کاروباری یەکە کارگێڕییەکان پێش بەرکاربوونیان پێویستی بە پەسەندکردن و ڕێگەپێدانی

دەسەڵاتی ناوەندی هەیە، و لە هەندێ حاڵەتدا هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانیان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە. (عبدالله، ٢٠٠٤، ٩٥)

### ١-٢-٢-٢ چاودێریی نەرمی دەسەڵاتی ناوەندی

چاودێریکردنی دەسەڵاتی ناوەندی لە هەندێ دەوڵەتاندا بە پێچەوانەی ئاراستەی خاڵی پێشوو بە جۆرێک لە نەرمی و بەخشینی دەسەڵات و ئازادیی بەڕێوەبردن و پیادەکردنی تایبەتکارییە کارگێڕییەکان هەنگاوی ناوە، لە نموونەی دیاری ئەم جۆرە چاودێرییە سیستەمی پەیڕەکراوی ناناوەندیی کارگێڕییە لە بەریتانیا، ئەمەش وای کردووە لای زۆر لە توێژەرانی ئەم بوارە، شێوازی نەرمی چاودێریی دەسەڵاتی ناوەندی بە سیستەمی چاودێری بەریتانی ناوببرێت. بەڵام زیاتر ئازادی بەخشین بە یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان لە پیادەکردنی تایبەتکارییەکانیاندا مانای ئەوە ناگەینێت کە بەدەرن لە هەموو جۆرە چاودێرییەک، بەڵکو چاودێری دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەریش پیادەدەکرێت بەسەریانەوە، جگە لەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش مافی پشکنین و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی لەسەر ئاستی دروست بەڕێوەبردنی کارەکانیان هەیە، جگە لەوەی لە کاتی باری نائاساییدا دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی هەندێ کاروباری یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکانیش بە دەسەڵاتی ناوەندی دەسپێردرێت. (الجبوري، ١٩٩٦، ٤٠)

## ٢- بنچینەی دەستووری و یاسایی ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان

پاش ناساندن و خستنەڕووی ڕەگەزەکانی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی لە باسی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەوەمان بۆ ڕوونبووەوە، کە دیاریکردنی تایبەتکارییەکانی یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان پێویستی بە چوارچێوە و بنەڕەتی یاسایی هەیە، بە جۆرێک ئەگەر پێویست بکات لە

میانەی ڕێکخستنی دەستووریشدا ئاماژەی پێکرابێت، بۆ ئەم مەبەستە پاش ناساندنی ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان تیشکدەخەینەسەر هەردوو بنچینەی دەستووری و یاسایی سیستەمی ناناوەندی و پێگەی ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا.

## ٢-١ ناساندنی ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان

سەرەتا زاراوەی (ئیدارەی سەربەخۆ) لە چوارچێوەی زاراوەی فەرمی کە بەکاردەهێنرێت لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکاریدا، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنراوی ڕاستەوخۆی پێکهاتن و تایبەت بەو ئیدارانەی کە لە هەرێمی کوردستان پێکهێنراون وشەی (سەربەخۆ)ی پێنەلکێنراوە، کە هەردوو ئیدارەی (گەرمیان و ڕاپەرین)ن.

ئەم ئیدارە سەربەخۆیانە بریتین لە یەکەی کارگێڕیی ناناوەندیی هەرێمی، کە سنوورێکی جوگرافیی دیاریکراو لەخۆدەگرن، بنچینە و سەرەتای پێکهینانیان بۆ بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٨/٦ بووە و سنووری ئەو یەکە ئیدارییانەی لەخۆیگرتووە هەر یەک لە قەزاکانی (کەلار و کفری) و بەشێک لە ناحیەکانی قەزای خانەقین دەگرێتەوە ( http://garmiyan.com/Darbare.aspx?jimare=1، ٢٠٢٠). لە قەزای کەلار کە بە ناوەندی ئیدارەی گەرمیان دیاریکراوە زیاتر لە چوار بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و بیست و هەشت بەڕێوەبەرایەتی تێدا هەن، کە تەواوی کەرتە خزمەتگوزاری و کاروبارە کارگێڕییەکان لەخۆدەگرێت، بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان بۆ ناوچەکە (http://garmiyan.com/Barewbareyatyakan.aspx، ٢٠٢٠). هەروەها ئیدارەی ڕاپەڕین لە میانەی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران کە لە کۆبوونەوەی ژمارە (١٠٨٤) لە ڕێکەوتی (٢٠١١/٥/٢) بۆ

پێکهێنانی ئیدارەی سەربەخۆ بۆ هەریەک لە (ڕاپەڕین و هەڵەبجە و سۆران و زاخۆ) هاتە کایەوە و سنووری هەردوو قەزای ڕانیە و پشدەری لەخۆگرتووە سەرەڕای لکاندنی هەردوو ناحیەی (خدران و بنگرد)ی سنووری کارگێڕیی قەزای (دوکان) بە ئیدارەی ڕاپەڕینەوە (http://raparin.gov.krd/ku/derbara، ٢٠٢٠). بەمەبەستی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە هاوڵاتییانی سنووری ئیدارەکە و بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕیی پەیوەست پێیان، ئیدارەی ڕاپەڕین زیاتر لە بیست و هەشت بەڕێوەبەرایەتی لەخۆدەگرێت (http://raparin.gov.krd/ku/barew، ٢٠٢٠). هەرچەند سێ یەکە کارگێڕییەکەی تر بڕیارەکانیان نەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، جگە قەزای (هەڵەبجە) کە بە پێی مەرسومی هەرێمی لە برێتی جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی ئاماژەپێکراو کرا بە پارێزگا بە پێی مەرسومی هەرێمی ژمارە (١٩) لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/٣/١٦) بە هەمان سنووری پێشووی قەزاکە.

## ٢-٢ بنچینەی دەستووریی ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان

بۆ دیاریکردنی بنچینەی ڕێکخستنی دەستووری لە هەرێمی کوردستان وا پێویست دەکات کە لە چوارچێوەی ڕێکخستنی دەستووری فیدڕالیدا بابەتەکە وەربگیرێت کە دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)ە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە هەرێمی کوردستان بە پێی ڕێکخستنی دەستووری ئاماژەپێکراو و بە دیاریکراوی لە ماددەی (١١٧/یەکەم) هەرێمی فیدڕالییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق، بەو پێیەش پێویستە پابەندی تەواوی بنەما دەستوورییەکان ببن لەسەر ئاستی فیدڕالی لە عێراقدا، پاشان لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا خاوەندارێتیی دۆکیۆمێنتێکی دەستووریکی کۆکراوەی نووسراوی نییە، و لە چوارچێوەی پڕۆژەیەک کە بە دەنگ و ویستی خەڵکی هەرێمی کوردستان

یەکلاییەبۆتەوە و نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەبەر ئەوە لە هەردوو ڕێکخستنی دەستووریدا کە دەستووری کۆماری عێراقی بەرکارە (٢٠٠٥) و پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، شیکردنەوەی بۆ دەکەین:

## ٢-٢-١ لە دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥)

لە میانەی وردبوونەوە لە بنەما دەستوورییەکان لە ڕێکخستنی دەستووری بەرکاردا لە عێراق دەبینرێت لە دوو وێستگەدا باس لە ناناوەندی کراوە یەکێکیان بەستراوەتەوە بە ناساندنی پارێزگاکان وەک یەکەیەکی پێکهێنەری سیستەمی فیدڕالی لە عێراق وەک لە مادده (١١٦)دا هاتووە بە دەق: (يتكون النظام الفدرالي في جمهورية العراق من عاصمة وأقاليم ومحافظات لامركزية وإدارات محلية). بەم وەسفە دەستوورییەش بێت پارێزگاکان وەک یەکەیەکی ناناوەندیی کارگێڕی پێگەی دیارینەکراوە بەڵکو وەک یەکەیەکی سیاسی پێکهێنەری سیستەمی سیاسی دیاریکراوە، لە وێستگەی دووەمی دەستووری لە ناوهێنانی ناناوەندیی لکێنراوە بە کارگێڕییەوە و پێگەی پارێزگاکانی پێ دیاریکراوە وەک لە ماددەی (١٢٢/دووەم)دا هاتووە بە دەق (تمنح المحافظات التي لم تنتظم في إقليم الصلاحيات الإداريه والمالية الواسعة/ بما يمكنها من إدارة شؤونها على وفق مبدأ اللامركزيه الإداريه، وينظم بقانون). لەبەر ئەوە زۆر لە یاساناسان و توێژەرانی ئەم بوارە پێیانوایە کە یاسادانەری دەستووری تێهەڵکێشییەکی لە نێوان دوو سیستەمی لەیەکجیا کردووە کە سیاسی و کارگێڕییە، یەکەمیان سیستەمی فیدڕالی و دووەمیان سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕیی هەرێمی. (شريف و عطية، ٢٠٠٧، ١٩٨).

سەبارەت بە پارێزگاکان وەک یەکەیەکی ناناوەندیی کارگێڕیش لە ڕووی پێکهاتەوە و دابەشکاری تیایاندا بەپێی دەقی دەستووری لە

ماددەی (١٢٢/یەکەم) یەکە کارگێڕییەکانی قەزا و ناحیە و گوندەکان دەگرێتەوە: (تتكون المحافظات من عدد من الأقضية والنواحي والقرى).

له ئەنجامدا بە شیتبەستن بەو دەقانەی خستمانەڕوو بۆمان دەردەکەوێت کە پێکهاتەیەک لە جۆر و هاوشێوەی یەکەی کارگێڕی بە ناوی ئیدارەی سەربەخۆ یان هەر پێکهاتەیەکی تر کە لە نێوان پارێزگا و قەزاکاندا بێت، جێگای باسکردن یان ئاماژەپێدان نەبووە.

**٢-٢-٢ لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان (٢٠٠٩)**

هەرێمی کوردستان لە ساتەوەختی ڕاگەیاندنی فیدڕالی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا لە ڕێکەوتی (١٩٩٢/١٠/٤) بەپێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٢٢) ساڵی ١٩٩٢ و دانپێدانانی دەستووری بە شێوەیەکی فەرمی لە هەردوو ڕێکخستنی دەستوور (٢٠٠٤ و ٢٠٠٥) لە ماددەی (٥٣) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە و هەردوو ماددەی (١١٧، ١٤١) لە دەستووری (٢٠٠٥). تا ئێستا خاوەنداریێتیی دۆکیۆمێنتێکی کۆکراوەی دەستووریی نووسراو ناکات، جگە لە پڕۆژەیەکی دەنگبۆدراو لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٦/٢٢)، ئەویش بەپێی یاسای ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ هێزی یاسایی خاڵی کراوەتەوە. و ئەرکی دووبارە ئامادەکردنەوەی پڕۆژەی دەستوور سەپێردرا بە لیژنەیەکی تایبەت کە پێویست بوو لە ماوەیەکی دیاریکراودا کارەکانیان بەئەنجامبگەیاندایە، بەڵام بەهۆی تەواوبوونی کاتی دیاریکراو کارەکە بە هەڵسپێردراوی ماوەتەوە.

لە میانەی وردبوونەوە لە بنەما و ڕێسا دەستوورییەکانی پڕۆژەی (٢٠٠٩) دەبینین لە بارەی پەیڕەوکردنی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی و پێکهاتەی کارگێڕی لە ڕووی دابەشکاریی جوگرافییەوە تێبینی دەکرێت

ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ پێکهێنانی ئیدارەی سەربەخۆ لە شێوەی ئیدارەی سەربەخۆکانی (گەرمیان و ڕاپەڕین) بەدیناکرێت.

کاتێک پێکهاتەی دابەشکاریی کارێگێڕی سنووری جوگرافیی هەرێمی کوردستان دیاریدەکرێت لە ماددەی (٢)دا باس لە پارێزگاکانی دهۆک و کەرکوک و سلێمانی و هەولێر دەکات لەگەڵ قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و و سنجار و تەلکیف و قەرقوش و ناحیەکانی زومار و بەعشیقە و ئاسکی کەڵەکی سەر بە پارێزگای (نینوی) و هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی سەر بە پارێزگای (دیالی) و پێکهاتەیەک لە جۆری ئیدارە ناوبراوەکانی جێباسی توێژینەوە ئاماژەپێنەکراوە. هەروەها لە ماددەی (١٠٢) کە دابەشکاریی کارگێڕیی ناوچەیی دیاریدەکات لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنچینەی (پارێزگا، قەزا، ناحیە، گوند) دابەشکراوە و بەرمەرجیشی گرتووە کە پێویستە ئەو یەکە کارگێڕییانە ئەنجوومەنی ناوچەییی هەڵبژێردراویان هەبێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە پێکهاتەی ئیدارەی سەربەخۆ لە شێوەی ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان کە پێکهاتیەکی ئیداری پێگە ناوەند بێت لە نێوان پارێزگا و قەزاکان، بنچینەی دەستووری بۆ بەدی ناکرێت.

### ٢-٣ بنچینەی یاساییی ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستاندا

لە میانەی ڕوانین بۆ ڕێکخستنی یاسایی بەرکار بۆ یەکە کارگێڕییە هەرێمییەکان لە هەرێمی کوردستان، دەکرێت بە دیاریکراوی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی هەموارکراو بکەینە پێوەری دیاریکردن و هەڵسەنگاندی پێگەی ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان و دیاریکردنی بنچینەی یاساییی دروست بۆیان.

لەبەرئەوەی یاسای ناوبراو دابەشکاریی یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان و دیاریکردنی ئەرک و تایبەتکارییەکانی ئەنجوومەنە

هەڵبژێراوەکان و پەیوەندیی نێوانیان لەگەڵ دەستەی جێبەجێکاری ناوچەیی و پاشان لەگەڵ دامەزراوە ناوەندییەکان دیاریدەکات و ڕێکدەخات.

لە وردبوونەوە لە یاسای پارێزگاکان بۆ دیاریکردنی پێگەی ئیدارە سەربەخۆکان پێویست دەکات لە پێناسی یەکە کارگێڕییەکانەوە دەستپێبکرێت کە لە بڕگەی حەوتەمی ماددەی یەکەمدا بەم شێوەیە ئاماژەپێکراوە: (یەکەی کارگێڕی: پارێزگا، قەزا، ناحیە) دەگرێتەوە هەروەها لە سەرۆکی یەکەی کارگێڕییەکان لە بڕگەی هەشتەمی هەمان ماددە هاتووە: (سەرۆکی یەکەی کارگێڕی: پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبری ناحیە) باسکراوە، جگە لەوەی دابەشکاریی پێکهاتەی یەکە کارگێڕییەکان بەم شێوەیە لە بڕگەی شەشەمی هەمان ماددەی پێشوو هاتووە: (پارێزگا: یەکەیەکی کارگێڕییە لەناو سنوورە جوگرافییەکەیدا و لەقەزا و ناحیە و گوند پێکدێت). سەرەڕای ئەوەی ماددەی سێیەمی یاسای پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسی و هەرێمێکی فیدڕالی لە ڕووی ڕێکخستنی کارگێڕیی هەرێمییەوە ڕێکخراوە و دابەشکراوە بۆ پارێزگا و قەزا و ناحیە بەم شێوەیە: (هەرێم لە ڕووی کارگێڕییەوە دابەشدەکرێ بۆ پارێزگاکان و پارێزگاکانیش بۆ قەزا و ناحیە و هەریەک لە یەکە کارگێڕییەکان کەسایەتیی مەعنەوی و زیممەتی دارایی سەربەخۆی لەناو بودجەی پارێزگادا دەبێ). کەواتە بوارێک بۆ پێکهێنانی یەکەی کارگێڕیی هەرێمی بەدەر لەو دابەشکارییە لە یاساکەدا ڕێگەپێدراو و باسکراو نییە، و لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەنجوومەنی پارێزگا ویستی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کارگێڕی قەزا یان ناحیە بکات، پێویستە لە چوارچێوەی پارێزگاکەدا بێت ئەویش لە لێکدان یان لەنوێدانان یان ناو گۆڕین یان گۆڕینی سەنتەرەکانیان بێت وەک لە بڕگەی (سێزدەم) لە ماددەی (شەشەم) لە هەمان یاسای پێشوو میانەی تایبەتکارییەکانی

ئەنجوومەنی پارێزگا هاتووە بەم شێوەیە: (ڕەزامەندی دەربڕین بە زۆرینەی ڕەها ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن لەسەر پێشنیازی بەجێگەیاندنی گۆڕانکاریی کارگێڕی لە قەزا و و ناحیە و گوندەکان بە لێکدانیان و لەنوێدانان و گۆڕینی ناو و سەنتەرەکانیان و ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە لە پێکهاتەی کارگێڕی لە چوارچێوەی سنووری پارێزگا و ئەمەش لەسەر  پێشنیازی پارێزگار یاخود سێیەکی ئەندامانی ئەنجوومەن دەبێت). بەڵام ئەگەر گۆڕانکاری لە دەرەوەی سنووری پارێزگا بوو، واتە پێکهێنانی پارێزگای نوێ یان لێکدانی دوو پارێزگا ئەوا پێویست دەکات لەڕێگەی دەسەڵاتی یاسادانانەوە ئەنجامبدرێت، وەک چۆن لە یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەدا ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥) بەدیاردەکەوێت.

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە پێکهێنانی ئیدارە سەربەخۆکانی (گەرمیان و ڕاپەڕین) خالییە لە بنچینەی یاسای دانراو لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان لە هەرێمی کوردستاندا.

## ٣-هەڵسەنگاندنی ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی ڕەگەزەکانی ناناوەندیی کارگێڕی

وەک لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەدا ئاماژەمان بە ڕەگەزەکانی ناناوەندیی کارگێڕی کرد و وردەکارییەکانیانمان تاوتوێکرد، لێرەدا پێویست دەکات بیکەین بە پێوەری هەڵسەنگاندنی پێگە و پێکهاتە و سنووری تایبەتکاری و دابەشکاریی جوگرافی و نوێنەرایەتی ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش بەپێی دابەشکارییەکی ژمارەیی دەیخەینەڕوو:

## ٣-١ خالیبوون لە نوێنەرایەتیکردن لە ڕێگەی هەڵبژاردن

یەکێک لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکان و ڕاگری سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی نوێنەرایەتیکردنی دانیشتووان و خەڵکی ئەو سنوورە جوگرافییەیە کە یەکە ناناوەندییە کارگێڕییەکەی پێکهێناوە، بە مانا فراوانەکەی ڕەگەزی سەربەخۆیی فەراهەمدەکات، لەوەدا کە پێویستە دامەزراوەیەک یان لیژنەیەک یان دەستەیەکی هەڵبژێردراو لە ڕێگەی دەنگی تاکەکانی ئەو ناوچە کارگێڕییە هەبێت، کە ئەمەش وێنای ڕووی دیموکراتیی سیستەکە دەنوێنێت. (غیدان، ٢٠١٢، ٢٧)

پاشان لە ڕێگەی ئەو دەستە هەڵبژێردراوە کە نوێنەرایەتیی یەکە کارگێڕییەکە دەکات پۆست و دامەزراوە جێبەجێکارییەکان دیارییبکرێن و دەستنیشانبکرێن و لە سەروویانەوە سەرۆک یان بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سنوورە جوگرافییەکە.

ئەوەی لە ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان و بە دیاریکراوی (ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەڕین) دەبینرێت، پرۆسەی هەڵبژاردنی تایبەت بەم ئیدارە نییە و نابینرێت و ڕێکخستنی یاساییش لە ئارادا نییە. بەڵکو ئەو هەڵبژاردنەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە و لە ڕێکخستنێکی جیاواز لە ئیدارە سەربەخۆکان هەیە، و ئەو نوێنەرایەتییە بۆ سنووری پارێزگا و قەزا و ناحیەکانە نەک سنووری ئیدارە سەربەخۆکان، ئەمەش بە ڕوونی بەدیاردەکەوێت لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان لە ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠٠٩ بە تایبەتی لە ماددەکانی یەکەم و ماددەی یازدەیەم کە باس لە بازنەی هەڵبژاردنەکان دەکات، و بە هیچ شێوەیەک ئاماژەیەک بەدیناکرێت بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن وەک دیاریکردنی نوێنەرانی سنووری ئیدارە سەربەخۆکان، لە

کاتێکدا ئەو قەزا و ناحیانەی ئیدارە سەربەخۆکانیان پێکدێنن لە ڕووی یەکەی کارگێڕییەوە هەمان ئەو قەزا و ناحیانەن کە نوێنەراتییان فەراهەمکراوە لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان، بە نموونە پێکهاتەی ئیدارەی گەرمیان کە قەزاکانی کفری و کەلار لەخۆدەگرێت و ئیدارەی ڕاپەڕینیش کە قەزاکانی پشدەر و ڕاپەڕین لەخۆدەگرێت، نوێنەرایەتیی هەڵبژێدراویان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیدا هەیە. (http://www.slemanipc.org/edara.aspx?jimare=1، ٢٠٢٠)

لە ئەنجامدا ئیدارە سەربەخۆکان خالین لە ڕەگەزی سەرەکی و بنەمای دیموکراتی لە سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی کە لە پڕۆسەی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی دانیشتووانی سنوورە جوگرافییە دیاریکراوەکان وێنادەکرێت.

### ٣-٢ خالیبوون لە چاودێری لە سەر ئاستی یەکەی کارگێڕیی ناناوەندیدا

یەکێک لە ئەنجامە بەدەستهێنراوەکانی هەڵبژاردنی دەستەیەک یان لیژنەیەک لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان لە چوارچێوەی پیادەکردنی سیستەمی ناناوەندیدا هەڵبژاردن و چاودێریکردنی دەستەیەکی جێبەجێکاریی کاروباری کارگێڕییە لە سنوورەکەدا بۆ بەڕێوەبردن و فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بەدیهێنانی بەرژەوەندیی دانیشتوانی سنوورەکە، ئەمەش بە ڕوونی لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ڕەنگیداوەتەوە و بە دیاریکراوی لە خاڵی (١) بڕگەی (سێیەم)ی ماددەی (شەشەم) هاتووە: (هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەنجوومەن یان لە نێوانیاندا بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجوومەن دەبێت). هەروەها بەپێی ماددەی پێنجەم کە بە دەق هاتووە: (ئەنجوومەنی پارێزگا دەسەڵاتی چاودێرییە لەناو سنووری کارگێڕیی پارێزگادا...)، سەرەڕای

لێپرسینەوە و چاودێریی کارەکانی پارێزگار لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاوە وەک لە بڕگەی چوارەم لە ماددەی شەشەم هاتووە.

ئەم جۆرە ڕێکخستنە بە هەمان شێوە لە یاسای پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێم ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو لە عێراق، کە لە ماددەکانی (٢، ٧) دا بابەتەکانی هەڵبژاردن و چاودێریی پارێزگار وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە پارێزگادا لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگا جێگیرکراوە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ئاستی باڵای جێبەجێکردن لە ئیدارە سەربەخۆکان کە بە سەرپەرشتیاران ناودەهێنرێن ملکەچبوونیان بۆ دامەزراوەیەکی هەڵبژێردراوی سنووری یەکە ناناوەندییە کارگێڕییکە بەدیناکرێت، جگە لەوەی دامەزراندن و دیاریکردنیان ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بەجێگەیەنراوە بەبێ ئەوەی پاڵێوراوی دەستەیەکی هەڵبژێردراوی سنووری جوگرافیی ناوچەکەیان بن، ئەم ڕاستییەش لە فەرمانە هەرێمییەکاندا بۆ دامەزراندنی سەرپەشیارانی ئیدارە سەربەخۆکان بە ڕوونی بەدیاردەکەوێت. (فەرمانی هەرێمی، ٢٠١٢)

## ٣-٣ تایبەتکارییەکانی ئیدارە سەربەخۆکان

ئەو تایبەتکارییانەی بە یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان دەبەخشرێن لە چوارچێوەی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی، جا بە دەستە هەڵبژێردراوەکە بێت یان ئەو دەستە دیاریکراوە یان دامەزراوە بێت کە ئەرکی جێبەجێکاری دەگرێتەئەستۆ، پێویست دەکات بنچینەی تایبەتکارییەکان یاسا بێت بە مانا تایبەت و بەرتەسکەکەی، واتە ئەو دەقە یاساییەی کە لە لایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە دادەنرێت و ڕێسایەکی یاسایی یان زیاتر لەخۆدەگرێت لە شێوەی دەقێکی نووسراودا. (البكري، و البشير، ١٩٨٩، ٨٥) بە واتایەکی تر، سەرچاوە و پاڵپشتیی پیادەکردنی

تایبەتکارییە کارگێڕییەکان و سنووری ئەو تایبەتکارییانە بە یاسا دیاریدەکرێن، هەر ئەمەش دەکرێتە یەکێک لە خاڵەکانی جیاکاری هەر دوو سیستەمی فیدڕالی کە بە ناناوەندیی سیاسیش ناودەبرێت لەگەڵ سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی، کە سیستەمی یەکەم لەسەر بنچینەی دەستوور بنیات دەنرێت و سیستەمی دووەمیش لەسەر بنچینەی یاسای ئاسایی. (حسن، ٢٠١٣، ٤٧)

سەبارەت بە ڕێکخستنی یاسایی بە واتا بەرتەسکەکەی کە یاسای دانراوی ئاساییی دەسەڵاتی یاسادانانە لە هەرێم، نە کراوەتە پاڵپشتی یاسایی بۆ دیاریکردنی تایبەتکارییەکانی ئیدارە سەربەخۆکان نە دیاریکاری تایبەتکارییە جێبەجێکارییەکانی سەرپەرشتیاری ئەو یەکانەیە. هەروەها لە ڕووی تایبەتکارییەکانی ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان دەکرێت بە پاڵپشتی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران کە بە نووسراو ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کراوە بە ژمارە (٢٠٦٢) لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/٥/١٠)، وەزارەتی ناوبراویش بە بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٦ لە ڕێکەوتی ٢٠١//٦/٢٧ ناوەڕۆکەکەی ئاراستەکردوون، کە تیایدا هەندێک لە دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی دابەزاندووە (ڕێگەپێدان) بۆ پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان سەرەڕای ئەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسای پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ بە پارێزگارەکان دراوە.

ئەوەی جێگەی تێبینییە کە لە بنەڕەتدا هیچ تایبەتکارییەک بە یاسا بۆ ئیدارە سەربەخۆکان و سەرپەرشتیارەکانی دیارینەکراوە، کە ئەم ئەزموونە هاوڕێک و هاوتای پەیڕەوکردنی دروستی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی نییە، جگە لەوە کە تایبەتکارییەکان بە شێوەی (ڕێگەپێدان-التفویض) پێیاندەبەخشرێت، پێویست دەکات لە چوارچێوەی بنەماکانی ڕێگەپێدان لە چوارچێوەی یاسای کارگێڕی جێگەی ببێتەوە و مەرجەکانی

دروستی ڕێگەپێدان فەراهەمبێت، کە بریتین لە: بوونی دەقێکی یاسایی کە ڕێگە بە دابەزاندن (ڕێگەپێدان)ی ئەو تایبەتکارییە کارگێڕییە بدات لە دامەزراوەیەک بۆ یەکێکی تر، هەروەها ئەو تایبەتکارییەی بە خاوەن تایبەتکاری دراوە پێویست دەکات بە هەمان ئاستی هێزی یاسایی ڕێگەپێدراو بێت، هەروەها دەبێت ڕێگەپێدان بەشێک لە دەسەڵاتەکان بگرێتەوە نەک تەواوی تایبەتکارییەکانی خاوەن تایبەتکاری، و مەرجە ڕێگەپێدان لە ڕێگای بڕیارێکی نووسراو و ڕوونەوە بێت و بۆ ماوەیەکی کاتی بێت، سەرەڕای ئەوەی تایبەتکاری ڕێگەپێدراو ناکرێت جارێکی تریش بۆ لایەنێکی تر بگوازرێتەوە. (السويدي، ٢٠١٨، ٢٩٦-٣٠٠)

لە وردبوونەوەی ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئیدارە سەربەخۆکان هیچ یەکێک لەو مەرجانەی پێشوو باسیان لێوەکرا بەدیناکرێت، لەبەر ئەوە ناتوانرێت بە بڕیاری ڕێگەپێدانی دروست هەژماربکرێت بەپێی بنەماکانی یاسای کارگێڕی.

## ٣-٤ بەریەککەوتنی ئیدارە سەربەخۆکان لەگەڵ پارێزگاکان

لە چەند خاڵی پێشوودا لە هەڵسەنگاندنی ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی ڕەگەزەکانی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی، تیشکمانخستەسەر چەند ڕەهەند و لایەنێکی جیاواز، بەڵام ئەوەی کە جێگەی تێڕامانە لە دەستنیشانکردنی هەر یەکێک لە لایەنەکانی پەیوەندار بە ئیدارە سەربەخۆکان جۆرێک لە بەریەککەوتن لە نێوان هەردوو یەکەی ناناوەندیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێت لە ڕووی دابەشکاری و سنووری جوگرافی و نوێنەرایەتیکردن و پیادەکردنی چاودێری و تایبەتەکارییە پێبەخشراوەکانیان. بۆ ڕوونکردنە و دیاریکردنی وردەکاریی جێمەبەست لەم لایەنەوە بە جیا باسیان لێوە دەکەین.

### ٣-٤-١ بەریەککەوتنی دابەشکاری و سنووری جوگرافی

لە سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕیدا دابەشکاری تایبەتکارییە کارگێڕییەکان بەرجەستە دەکرێت لە نێوان یەکە کارگێڕییەکان و دەسەڵاتی ناوەندی، بەڵام پێویست دەکات یەکە کارگێڕییەکان بە شێوەیەک سنووری جوگرافییان دیاریکراو بێت کە ناکۆکی و بەریەککەوتن لە نێوان یەکە کارگێڕییەکان و دەسەڵاتی ناوەندی و لەنێو خودی یەکە کارگێڕییەکانیش نەهێتە کایەوە، بە مەبەستی فەراهەمکردنی بەرژەوەندییەکانی ناوچەکە و بەڕێوەبیرنی کاروباریان لە لایەن نوێنەرانی خۆیانەوە، دوور لە سەپاندنی هەژموونی ناوەندی. هەروەها سنوورنەبەزاندنی یەکە کارگێڕییەکانیش لەو تایبەتکارییانەی بۆیان دیاریکراوە لە پیادەکردنیاندا.

لە ئەنجامی وردبوونەوە لە دابەشکاریی یەکە کارگێڕییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای پارێزگاکان و بڕیارەکانی تایبەت بە پێکهێنان و دەسەڵاتدان بە ئیدارە سەربەخۆکان تێبینی دەکرێت ئەو یەکە کارگێڕییانەی کە دەکەونە سنووری سەرپەشیکردنی ئیدارە سەربەخۆکان هەمان ئەو سنوورە جوگرافییەیە کە پارێزگاکانی لێ پێکهاتووە. بە دیاریکراوی تەواوی ئەو قەزایانەی کە هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕینی پێکهێناوە هەمان ئەو قەزایانە بەشێکن لە سنووری جوگرافیی پارێزگای سلێمانی. (http://www.slemanipc.org/edara.aspx?jimare=1)

### ٣-٤-٢ بەریەککەوتن لە نوێنەرایەتیی دانیشتووان و ناوچەییدا.

یەکێک لە ڕەگەزە هەرە سەرەکییەکانی فەرهامەمبوون بەرجەستەبوونی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی بریتییە لە بوونی نوێنەرایەتیی ناوچەیی، واتە لە میانەی پرۆسەی هەڵبژاردن خەڵکی

سنووری دیاریکراوی یەکە کارگێڕییەکان نوێنەرایەتیی خۆیان دیاریدەکەن، ئەم نوێنەرانە سێ ئەرکی سەرەکی لەئەستۆدەگرن؛ یەکەمیان نوێنەرایەتیکردنی یەکە کارگێڕییەکە لەسەر ئاستی دەسەڵاتی ناوەندی. دووەمیان، بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە دیاریکردنی دەستەیەکی جێبەجێکار. کۆتایی ئەرکی پێسپێردراو پێیان چاودێریکردنی ئەو دەستە جێبەجێکارەیە کە لە سنووری یەکە کارگێڕییەکەدا ئەرکی ڕاستەوخۆی جێبەجێکاریان لەئەستۆدایە.

بەڵام کە لە پێکهاتەی نوێنەرایەتیی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان دەڕوانرێت، دەبینرێت کە نوێنەرانی تەواوی قەزا و ناحیەکانی سنووری پارێزگاکەی لەخۆگرتووە، لە میانەیاندا ئەو قەزایانەش کە ئیدارە سەربەخۆکانی لێ پێکهاتووە، لێرەدا نوێنەرایەتی دوو لایەنی دێتە کایەوە، واتە هەردوو قەزای کەلار و کفری بە دوو ئاراستە نوێنەرایەتیی قەزاکەیان دەکەن؟ جارێک لە سلێمانی و جارێک لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان. بە هەمان شێوە بۆ نوێنەرانی هەردوو قەزای ڕانیە و پشدەر لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، کە لە هەمان کاتدا دەبنە نوێنەرانی هەردوو قەزاکە لە ئیدارەی ڕاپەڕین. ئەمەش بەهۆی بوونی تاکە پرۆسەی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا کە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەو دوو یەکە کارگێڕییە ئەنجامدراو بێت، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ژمارە ٤ ساڵی ٢٠٠٩، واتە تێکهەڵکێشی دروستبووە لە ڕووی نوێنەرایەتیکردنەوە، لە لایەک بە پشتبەستن بە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠١٣) لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەو شارۆچکانەی یەکەی ئیدارە سەربەخۆکانیان لێپێکهاتووە نوێنەریان هەیە لە ئەنجوومەنی پارێزگای پارێزگاکان، بۆ نموونە قەزای ڕانیە نوێنەری

هەیە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی. لە لایەکی ترەوە، سەرۆک بۆ یەکە کارگێڕییە سەربەخۆکە دانراوە. کەواتە پرسیار ئەوەیە کامیان نوێنەری ڕاستەقینەی کارگێڕییە سەربەخۆکەن؟ ئایا ئەوانەی بە پشتبەستن بە دەنگی دەنگدەران لە ئەنجومەنەکان هەیە؟ یاخود ئەوانەی لە دوای پێکهێنانی کارگێڕییە سەربەخۆکان بە بڕیار دانراون؟

### ٣-٤-٣ بەریەککەوتن لە تایبەتکارییە پێبەخشراوەکان

بە مەبستی دوورکەوتنەوە لە کێشەی ناکۆکی و بەرککەوتنی تایبەتکارییەکان (تنازع الاختصاص)، جا ئەم ناکۆکی و بەریەککەوتنە هەردوو مانای ناکۆکیی تایبەتکاری (تنازع الإختصاص) دەگرێتەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە ناکۆکیی ئەرێنی و ناکۆکیی نەرێنی (تنازع الإيجابي و تنازع السلبي). واتە لە یەکەمیاندا هەردوو لایەنی ناکۆک بانگەشەی تایبەتکارییان دەکەن بۆ پیادەکردنی بابەتی جێناکۆک. لە دووەمیشیاندا، هەردوو لایەنی ناکۆک پیادەکردنی بابەتی جێناکۆک لە خۆیان دووردەخەنەوە، لەبەر ئەوە پێویست دەکات تایبەتکارییەکان ڕوون و دیاریکراوبن، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا تایبەتکارییەکانی پارێزگاکان دیاریکراو و دیارن و سەرچاوەی بەخشین و دیاریکردنیان یاسای دانروای دەسەڵاتی یاسادانانە کە خۆی دەبینێتەوە لە دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان و بەدیاریکراوی لە چوارچێوەی یاسای پارێزگاکان ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)یە. بەڵام سەرچاوەی دەسەڵاتی ئیدارە سەربەخۆکان کە بڕیاری دەسەڵاتی جێبەجێکارییە (بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٢٠٢٦) لە (٢٠١٦/٥/١٠ ) (بەیانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ١٢ لە ٢٠١٦/٦/٢٧).

ئەو دەسەڵاتپێدانەش بە شێوەی (ڕێگەپێدان- تفويض) پیادەکراوە. هاوتاکراوە بەو دەسەڵاتانەی بە پارێزگاکان دراوە. واتە دەسەڵاتی

پێبەخشراو بە ئیدارە سەربەخۆکان وەک بنچینە بۆیان دیارینەکراوە کە خاوەنداریێتی بکەن، سەرەڕای ئاستی هێزی یاسایی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە بە سەرچاوە بەخشینی بنچینەییی دەسەڵاتەکان لە سیستەمی ناناوەندی هەژمارناکرێن.

## کۆتایی

پاش کۆتاییهاتن بەم توێژینەوەیە ئاماژە بە گرنگترین ئەو ئەنجامانە دەدەین کە پێی گەیشتووین، سەرەڕای خستنەبەردەستی ڕاسپاردەی پێویست، کە لە چەند خاڵێکدا کۆیاندەکەینەوە:

١. سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی وێناکردنی بنەماکانی دیموکراتییە لە حوکمرانیدا لە چوارچێوەیەکی سنوورداری بواری تایبەتکارییە کارگێڕییەکاندا. بە دوو ئاراستەی ئەرێنی ئەنجامەکانی بەدیدێت، یەکێکیان لەئەستۆگرتنی بەڕێوەبردنی کاروباری خزمەتگوزارییە پەیوەندارەکان بە یەکە کارگێڕییەکان لەلایەن نوێنەرانی خودی ئەو سنوورە جوگرافییەی کە یەکە کارگێڕییەکە پێکیهێناوە. دووەمیان، دوورخستنەوەی هەژموونی دەسەڵاتی ناوەندی لە بابەتگەلێک کە جگە لە پەرشکردنی تواناکانی زیاتر ئەنجامی تری لێناکەوێتەوە.

٢. لە هەرێمی کوردستاندا دابەشکاریی یەکە کارگێڕییەکان لە سەر دوو بنچینە بنیادنراون کە یاسای ئاساییە بۆ پارێزگاکان و بڕیاری جێبەجێکارییە بۆ ئیدارە سەربەخۆکان، کە ئەمەش بە یاسای لادراوی بنەماکانی پەیڕەوکردنی سیستەمی ناناوەندیی کارگێڕی هەژماردەکرێت.

٣. له هەرێمی کوردستاندا به پێکهێنانی جۆرێک له دابەشکاری له یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکان له شێوەی ئیدارە سەربەخۆکان لەسەر بنچینەی بڕیاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن و خالی له ڕێکخستنی یاسایی ناکۆکی و تایبەتکاریی شوێنی و دەسەڵاتە پێبەخشراوەکان و نوێنەرایەتیی خەڵکی سنوورە جوگرافییەکەی لێدەکەوێتەوە.

٤. ڕاسپاردەمان پوختدەکەینەوە له جەختکردنەوە له ڕێکخستنی تەواوی کاروباری پەیوەنددار به پێکهێنان و دیاریکردنی سنووری جوگرافی و تایبەتکارییە بابەتییەکانی ئیدارە سەربەخۆکان به یاسایەکی تایبەت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، یاخود هەموارکردنەوەی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی سالی (٢٠٠٩)ی هەموارکراو، به جۆرێک که وێستەگەکانی بەریەککەوتنی نێوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی تێدا چارەسەربکرێن.

## ليستى سەرچاوەكان

### يەكەم: پەرتووک:


- البدوي، ثروت، ٢٠٠٥. النظم السياسية. دار النهضة العربية، القاهرة.

- البكري،عبدالباقي، والبشير، زهير، ١٩٨٩. المدخل لدراسة القانون، العاتک لصناعة الكتاب، المكتبة الوطنية، بغداد.

- الجبوري، ماهر صالح، ١٩٩٦. مبادئ القانون الإداري، المكتبة الوطنية، بغداد.

- العنبكي، طه حميد، ٢٠١٠. العراق بين اللامركزية الإدارية والفيدرالية، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية, أبوظبي.

- الفتلاوي, أحمد عبد الزهرة، ٢٠١٣. النظام اللامركزي، مكتبة زين الحقوقية والأدبية، بيروت.

- الطهراوي، هاني علي، ٢٠٠٦. القانون الإداري، دار الثقافة، بيروت

- الهماوندي، محمد، ١٩٩٠. الحكم الذاتي والنظم اللامركزية الإدارية والسياسية، دار المستقبل العربي، القاهرة.

- بدير، علي محمد، و البرزنجي، عصام عبدالوهاب، و السلامي، مهدي ياساين، ٢٠١٢. مبادئ وأحكام القانون الإداري، مكتبة السنهوري، بيروت.

- حسن، سوران علي، ٢٠١٧. التنظيم القانوني للوحدات المكونة للفدرالية في العراق، مكتبة ژير، أربيل.

- حسين، محمد بكر، ٢٠٠٦. الوسيط في القانون الإداري، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية.
- العامري، علاء سليم، ٢٠٠٨. الإدارة المحلية (مفهومها أهدافها، أركانها)، موسوعة الثقافة القانونية.
- عبدالعال، محمد الدايداموني، ٢٠٠٨. الرقابة السياسية والقضائية على أعمال الإدارة المحلية، دار الفكر القانوني، طنطا.
- عبدالله، عبدالغني بسيوني، ١٩٩٧. النظم السياسية والقانون الدستوري، منشأة المعارف، الأسكندرية.
- عبدالله، عبدالغني بسيوني، ٢٠٠٤. التنظيم الإداري، منشأة المعارف، الأسكندرية.
- عثمان، حسين محمد، ٢٠٠٨. أصول القانون الإداري، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت.
- غيدان، إسماعيل صعصاع، ٢٠١٢. اللامركزية الإدارية في العراق_ دراسة في تداخل الإختصاصات والرقابة، مجلة رسالة الحقوق، السنة الرابعة، العدد ٢٧.
- شطناوي، علي خطار، ٢٠٠٢. الإدارة المحلية، دار وائل، عمان.
- مولود، محمد عمر، ٢٠٠٣. الفدرالية وإمكانية تطبيقها في العراق، مؤسسة موكرياني، أربيل.

**دووەم: نامە و تێزی دکتۆرا:**

- أحمد، هاوكار عمر، ٢٠١٥. الأطر التشريعية للامركزية في الإدارة والحكم في العراق، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، كلية القانون.

- حسن، عثمان علي، ٢٠١٣. الطبيعة الدينميكية للدستور الفدرالي، أطروحة دكتوراه، جامعة صلاح الدين، كلية القانون.

- حسن، سوران علی، ٢٠١٩. دامەزراوە دەستوورییەکان بۆ گەرەنتی مافی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا.

**سێیەم: توێژینەوە زانستییەکان:**

- السويدي، خضير كاظم خضير، ٢٠١٨. التنظيم القانوني لتفويض الاختصاص الإداري، مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية، مجلد (٨)، العدد (٢).

- ميثم، حنظل شريف, و عطية، علي هادي، ٢٠٠٧. التنظيم الدستوري لاختصاصات محافظات العراق، مجلة جامعة ذي قار، العدد ٤، المجلد ٢، آذار.

**چوارەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

- پێگەی ئەلیکترۆنی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی:
http://www.slemanipc.org/edara.aspx?jimare=1

- پێگەی ئەلیکترۆنی ئیدارەی گەرمیان: http://garmiyan.com/Darbare.aspx?jimare=1
- پێگەی ئەلیکترۆنی ئیدارەی ڕاپەڕین: http://raparin.gov.krd/ku/derbara

**پێنجەم: دەستوور و یاسا و بڕیارەکان:**

- دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥.
- پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ٢٠٠٩.
- یاسای پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێم ژمارە (٢١) ساڵی ٢٠٠٨ ی هەموارکراو.
- یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٠٩ ی هەموارکراو.
- بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٢٢) ساڵی ١٩٩٢.
- فەرمانی هەرێمی ژمارە (٥٧) ساڵی ٢٠١٢.
- بەیانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٦.

**الملخص**

إن من أهم الركائز التي بنيت عليه نظام اللامركزية الإدارية الإقليمية هو تحقيق التمثيل الشعبي في نطاق محدود، عن طريق وجود مجالس منتخبة في حدود جغرافي معين، تمهيدا لتوزيع الوظائف الإدارية بين السلطة المركزية و الوحدات اللامركزية الإقليمية، أي تفعيل مبدأ الإرادة الشعبية عن طريق الإنتخابات و توزيع السلطة بغية استبعاد إحتكار السلطة وتحقيق التداول السلمي لها في مجال محدد، لكن أساس وجود الشخصية القانونية للوحدات اللامركزية الإقليمية و السلطات الممنوحة لها لابد ان يستند إلى تنظيم قانوني في إطار سماح دستوري.

تكمن مضمون هذا البحث في إشكالية السند القانوني لتشكيل الإدارات المستقلة المتمثلة بإدارتين (گەرميان و ڕاپەڕين) باعتبارهما أو بالأحرى توصفان ضمن وحدات لامركزية إقليمية في إقليم كوردستان – العراق، وكذلك البحث في تكوينها و اختصاصها ومركزها القانوني ومدى توافقها مع مبادئ النظام اللامركزية الإدارية.

**Abstract**

One of the most important pillars which built the regional administrative decentralization system is the actualize of popular representation within a limited frame, through the exist of elected councils within a specific geographical boundary, in preparation for the distribution of administrative functions between the central authority and regional decentralized units, means activating the principle of popular will through elections and distribution of power in order to exclude the monopoly of power and achieve peaceful circulation of it in a specific field, but the basis for the existence of the legal personality of the decentralized regional units and the powers that gave to them must be based on a legal organization within a constitutional framework of permissibility.

So, the content of this research will try to achieving and discussing the problem of the legal basis for the formation of independent administrations represented by the two administrations (Garmyan and Raparin ) as they are described, within regional decentralized units in the Kurdistan Region - Iraq, as well as researching their formation, specialties, legal status and their compatibility with the principles of the system of Administrative decentralization.